# سیاسەتی دانیشتوانی کۆماری تورکیا و کاریگەریی لەسەر ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای ئامەد (١٩٢٧-٢٠٠٠)

م. ی. هاوبەش عبدالله أحمد

hawbash.ahmed@univsul.edu.iq

زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤\٩\١٧ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٤\١١\١٢

**پوختە**

سیاسەتی دانیشتوان "Population Policy"بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێوشوێن، کە لە لایەن میرییەوە دەگیرێتەبەر بەمەبەستی کەمکردنەوە یاخود زیادکردنی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان، ئەمەش لە ڕێگای هاندانی خێزان بۆ زیادکردنی ژمارەی منداڵ "وەچەخستنەوە "یاخود بەپێچەوانەوە. کۆماری تورکیاش یەکێکە لەو وڵاتانەی لە سەرەتای دروستبوونییەوە کاری جددی لەسەر ئەم بابەتە کردووە، لە سەرەتای پێکهێنانی کۆماری تورکیای نوێ لە ساڵی (١٩٢٣)، بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان لە ئەنجامی تێوەگلانی تورکیا لە جەنگی باڵکان و دواتریش بەشداریکردنی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا و زاڵبوونی ئەو بیروبۆچوونەی کە دەڵێت "هەتا ژمارەی دانیشتوان زیاتر بێت هێز و توانی دەوڵەت لەڕووی سیاسی و سەربازیی و ئابوورییەوە زیاتر دەبێت "لە ناو سیاستمەداران و کاربەدەستانی میریدا، سیاسەتی وڵات هەتاکو ساڵی (١٩٦٠) بە ئاڕاستەی زیادکردنی ژمارەی دانیشتوان بوو، بەڵام لەم ڕێکەوتە بەدواوە و بەهۆی کەوتنە ژێر کاریگەری سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا ستراتیجی دەوڵەت سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوان گۆڕانکاری بەسەرداهات و ئەمجارەیان سیاسەتی کەمکردنەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پەیڕەوکرا. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە کاریگەریی سیاسەتی دانیشتوانی تورکیا لەسەر ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە پارێزگای ئامەد بخرێتەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە داتا و زانیاریی سەرژمێرییە فەرمییەکانی وڵاتی تورکیا لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢٧-٢٠٠٠) وەرگیراوە.

**الملخص**

السياسة السكانية هي عبارة عن مجموعة من الوسائل والسبل التي تتخذها السلطة بهدف التقليل أو الزيادة في نسبة النمو السكاني السنوي، وهذه تتم عن طريق تشجيع السكان لزيادة النسل أو التقليل منه، وتعد جمهورية تركيا من احدى الدول التي عملت على ذلك منذ بدايات نشأتها أو تأسيسها وبشكل جدي، ومنذ بداية تأسيس الجمهورية التركية الحديثة عام (١٩٢٣)، وبسبب انخفاض عدد السكان نتيجة انخراط تركيا في حرب بلقان ومن ثم مشاركتها في الحرب العالمية الأولى وسيطرة الفكرة القائلة بأنه كلما ازداد عدد السكان ازدادت قوة وقدرات الدولة لدى السياسيين ورجال الدولة في تلك الفترة من النواحي السياسية والعسكرية والأقتصادية، ان سياسة الدولة التركية كانت نتيجة نمو الزيادة في عدد السكان حتى عام

(١٩٦٠) ولكن منذ هذا التأريخ ومايليه و بسبب الخضوع أو التأثر بالدول الغربية فأن استراتيجية الدولة الخاصة بعدد السكان حدث فيها تغيير بحيث انها نحت أو اتجهت نحو سياسة التقليل من نسبة النمو السكاني السنوي، فحاولت هذه الدراسة استظهار أو ابراز تأثير السياسة السكانية التركية في نسبة النمو السكاني السنوي لمحافظة ئامد، ولهذا الغرض تمت الاستفادة أو الاستعانة بالمعلومات والبيانات الخاصة بالتعداد السكاني لدولة تركيا في المدة الزمنية بين السنوات (١٩٢٧- ٢٠٠٠).

## پێشەکی

دوای پێکهێنانی کۆماری نوێی تورکیا لە ٢٩ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٣، کاربەدەستانی وڵات کەوتنە فکری جێبەجێکردنی سیاسەتی هاندانی خێزان بۆ زیادکردنی ژمارەی منداڵ، ئەمەش پاش ئەوە هات کە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە، تورکیا بە وڵاتێکی لاواز وەسف دەکرا لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە. هەروەها سەرکۆنە دەکرا بەوەی کە جارێکی تر ناتوانێت بەو ژمارە کەمەی دانیشتوانەوە ببێتە جێگای هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر هیچ وڵاتێکی ڕۆژئاوایی بەگشتی و وڵاتانی هەرێمی بە تایبەتی، شیاوی ئاماژە پێدانە لەو کاتەدا ژمارەی دانیشتوانی تورکیا لە لایەن هێزە ڕۆژئاواییەکانەوە بە نزیکەی پێنج بۆ شەش ملیۆن کەس خەمڵێندرابوو، ئەمەش جۆرێك لە ڕاڕایی و دودڵی لای کاربەدەستانی ئەو کاتەی تورکیا دروستکردبوو، بۆیە هەستان بە زەمینە سازکردن بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی دانیشتوان، بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی (١٩٢٦)دا بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئامارییان دامەزراند و پسپۆڕێکی بەلجیکییان بەناوی کامیلا جاکوارت (Camilla Jaquart) کرد بە بەڕێوەبەری، دواتر ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری بەردەوام بوو تا لە ڕێکەوتی (٢٨ تشرینی یەکەمی ١٩٢٧)دا یەکەمین سەرژمێری گشتی لە تورکیا ئەنجامدرا، بە پێی ئەنجامەکانی ئەم سەرژمێرییە ژمارەی دانیشتوانی تورکیا (١٣ ملیۆن و ٤٨٦ هەزار و ٢٧٠)کەس بوو، کە ئەمەش ئاهێکی بەبەر کاربەدەستانی وڵاتدا هێنایەوە. پاشان بۆ لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە ژمارە و تایبەتمەندی دانیشتوانی وڵات لەڕووی گەشەی ساڵانە، دابەشبوونی جوگرافی، کۆچ...هتد، بڕیاردرا لە ساڵی (١٩٣٥)ەوە هەر پێنج ساڵ جارێك سەرژمێریی دانیشتوانی وڵات بکرێت، ئەم بڕیارە تاوەکو ساڵی ١٩٩٠ وەك خۆی جێبەجێکراو هەتا ئەو بەروارە بە کۆی گشتی (١٣) سەرژمێری گشتی دانیشتوان ئەنجامدرا، بەڵام لە ساڵی (١٩٩٠)دا یاسای سەرژمێری هەموارکرایەوە و بڕیاردرا هەر (١٠ ساڵ) جارێك سەرژمێریی گشتی دانیشتوان ئەنجام بدرێت، بۆیە لە جیاتی ساڵی (١٩٩٥)، لە ساڵی (٢٠٠٠)دا سەرژمێریی گشتی دانیشتوان ئەنجامدرا، ئەوەش کۆتا سەرژمێریی گشتی دانیشتوان بوو بە شێوازی کلاسیکی ئەنجام بدرێت .

لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢٧-١٩٦٠)دا کاربەدەستانی تورکیا زۆری ژمارەی دانیشتوانیان وەك فاکتەرێکی هێزدەبینی بۆ وڵات و پێیان وابوو، تورکیایەکی بەهێز پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش کۆمەڵێك ڕێوشوێنی جددیان بۆ هاندانی دانیشتوانی وڵات بۆ پێکهێنانی خێزان و وەچە خستنەوەی زۆر گرتەبەر، کە ئەمەش بەڕێژەی جیا جیا کاریگەریی لەسەر گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی تەواوی تورکیا و پارێزگای ئامەدیش بەجێهێشت، بەڵام لە دوای ساڵی (١٩٦٠)ەوە لە ژێر کاریگەریی سیاسەتی دانیشتوانی وڵاتانی ڕۆژئاوا سیاسەتی وڵات سەبارەت بە گەشەی دانیشتوان پێچەوانە بووەوە و کاربەدەستانی وڵات هەموو هەوڵێکیان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان خستەگەڕ، ئەوەش بە پاساوی ئەوەی ئەگەر بێت و گەشەی دانیشتوان بەو شێوەیە بەردەوامی هەبێت ئەوا دەرامەتە سروشتییەکان و سەرچاوە خۆراکییەکان دووچاری کورتهێنان دەبن،

sjh@univsul.edu.iq

ئەوەش وڵات بەرە و کەنـاری نـا ئـارامی دەبـات و ڕووبەڕووی کۆمەڵێـك كێشـەی جۆراوجـۆری دەکـاتەوە، بـۆ ئەو مەبەستەش لە ڕێگای پەرلەمان و وەزارەتی ئەوقـاف و تەندروسـتی پەروەردەوە کاریـان لەسـەر بـابەتی کەمکـردنەوەی خێرایی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان دەکرد، هەرچەندە هەوڵەکانیان لەسەر ئاستی تورکیـا هەتـا ڕادەیەك سـەرکەوتووبوو، بەڵام سەبارەت بە پارێزگای ئامەد هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆری دانیشتوانی پارێزگاکە لە گوندەکاندا دەژیان و بە چالاکی کشتوکاڵییەوە سـەرقاڵ بـوون و بـۆ بەڕێـوەبردنی زەویـیە کشـتوکاڵییەکانیان پێویستیان بەدەستی کار هەبوو، هەربۆیە زۆریی ژمارەی منداڵ لای ئەوان بە مانای زۆری دەستی کار دەهـات، واتە بە پێچەوانەی کاربەداستەنی وڵاتەوە کە زۆریی ژمارەی دانیشتوانیان بە سەرچاوەی نەهامەتی و کەمی داهات دەزانی، لای ئەوان زۆریی ژمارەی ئەندامانی خێزان هاوکارێکی باش بـوو بـۆ بەڕێـوەبردنی زەویـیە کشـتوکاڵییەکان و بەدەسـتهێنانی داهاتی زیاتر.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی ژمارەی دانیشتوان و ڕادەی کاریگەریی سیاسەتەکانی دانیشتوانی تورکیایە لەسەر ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای ئامەد لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٠-١٩٢٧)دا.

**کێشەی توێژینەوە:** ئایا سیاسەتی دانیشتوانی تورکیا کاریگەریی هەبووە لەسەر گەشەی دانیشتوان بەگشتی و دانیشـتوانی پارێزگای ئامەد بەتایبەتی؟ ئایا بەدەر لە سیاسـەتی دانیشـتوان فاکتەرەکـانی تـری وەك ڕەوشـی ئـابوری و کـۆمەڵایەتی و تەندروستی پارێزگای ئامەد ڕۆڵی لەسەر ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان هەبووە؟

**گریمـانەی تـوێژینەوە :**کاریگەرییەکـانی سیاسـەتی دانیشـتوانی وڵات لە هەمـوو پارێزگاکانـدا وەك یەك نیـیە**!** دەکرێـت بارودۆخی تایبەتی پارێزگایەك لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا کاریگەریی پێچەوانەی هەبێت لەسەر ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان.

**میتۆدی توێژینەوە :**هەموو توێژینەوەیەك بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی بابەتی و ئەکادیمی پێویستە سوود لە میتۆدێك یـاخود چەند میتۆدێکی زانستی وەربگیرێت، لەو سۆنگەیەوە لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (وەسفی و شیکاریی) بەکارهاتووە.

**چوارچێوەی شوێنی و کاتی توێژینەوە:**

١- **چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەکە:** ناوچەی توێژینەوە پارێزگای ئامەد دەگرێتەوە کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا و ناوەنـدی کوردسـتانی بـاکوور و بەشـی بـاکووری ئـاوزێڵی ڕووبـاری دیجـلەوە، لە

باکوورەوە هاوسنورە لەگەڵ پارێزگاکـانی بینگۆل و ئێلازغ، لە بـاکووری ڕۆژهەڵاتیشـەوە لەگەڵ پارێزگـای مـوش، لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتیشەوە لەگەڵ پارێزگای باتمان، لە باشوریشەوە لەگەڵ پارێزگای ماردین، لە ڕۆژئـاوا و باشووری ڕۆژئاوایشـەوە لەگەڵ پارێزگـای ئورفـا و لە بـاکووری ڕۆئاواشـەوە لەگەڵ پارێزگاکـانی مالاتیـا و ئادیامـان هاوسنوورە، بێگومان ئەم شوێنە جوگرافییە گرنگیی و بایەخێکی زۆری بە پارێزگاکە بەخشیوە و لە کۆندا کەتـۆتە سـەر ڕێگا بازرگانییەکان و خاڵی بە یەك گەیانـدنی ئەنـادۆڵ و میسـۆپۆتامیا بـووە، هەنـووکەش پارێزگـاکە لەڕووی سیاسـی و کـارگێرییەوە پێگەیەکـی گرنگـی هەیە و بە ناوەنـدی هەرێمـی باشـووری ڕۆژهەڵاتـی ئەنـادۆڵ و پـایەتەختی کوردسـتانی گەورەش دادەنرێت.

sjh@univsul.edu.iq


لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (٣٧° ٣٠ ٥٣ ') و (٣٨° ٢ ٤٢ ' ٥٤")ی باکووری گۆی زەوی و هێڵەکانی درێژی ("٢١ ٦ ٣٩°٠ ') و ("٥٧ ٤١° ٢١ ')ی ڕۆژهەڵاتی هێڵی (گرینیج)ەوە، ڕووبەری پارێزگاکە (١٥,١٠١کم٢)ە، کە ئەمەش نزیکەی (٢٪)ی کۆی گشتی ڕووبەری تورکیا پێکدەهێنێت. لەڕووی کارگێڕیشەوە پارێزگاکە لە (١٧) قەزا پێکهاتووە، بڕوانە نەخشەی (١)، قەزاکانی (یەنی شێهیر، کایا پنار، سور، باغلار) بە قەزای ناوەندیی پارێزگاکە دادەنرێن.

**-چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکە :**لەم توێژینەوەیەدا سوود لە داتا و زانیاری ئەو سەرژمێرییە فەرمییانە وەرگیراوە کە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢٧-٢٠٠٠)دا ئەنجامدراون، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ماوەیەش وەك چوارچێوەی کاتی بۆ توێژینەوەکە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تەنها لەو ماوەیەدا سەرژمێری فەرمی بە شێوازی کلاسیکی لە تورکیادا ئەنجامدراوە و دواتر و بە دیاریکراوی لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە، شێوازی سەرژمێری دانیشتوان گۆڕاوە بۆ شێوازێکی ئەلکترۆنی کە پێی دەگوترێت) سیستمی تۆمارکردنی دانیشتوان بەپێی ناونیشانی شوێنی نیشتەجێبوون - Address .(Based Population Registration System -).

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: ١٨١٣-٠٨٥٢, e-ISSN: ٢٦١٧-٣٠٣٤

**نەخشەی (١) شوێنی ئەسترۆنۆمی و جوگرافی و پارێزگای ئامەد**




**سیاسەتی دانیشتوانی کۆماری تورکیا و کاریگەریی لەسەر گەشەی دانیشتوانی پارێزگای ئامەد**

**أ- سیاسەتی دەوڵەت بە ئاراستەی زیادکردنی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان ١٩٢٧- ١٩٦٠ (Pronatalist Policy)**

پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی سەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٢٧ و پوچەڵکردنەوەی خەمڵاندنەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، کە دانیشتوانی تورکیایان بە نزیکەی پێنج بۆ شەش ملیۆن کەس خەمڵاندبوو (Karaca, Karakuş, ٢٠٢٠, p. ٦٤٤)، کاربەدەستانی میری دەستیان کرد بە هەنگاونان بەرەو پراکتیزەکردنی سیاسەتی هاندانی خێزان بۆ وەچەخستنەوە، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا کە زۆریی ژمارەی دانیشتوان لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئابوورییەوە هێمای بەهێزیی وڵات بوو. بێگومان ئەو هۆکارانەی زیاتر هانی کاربەستانی دەدا بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتی زیاکردنی ژمارەی دانیشتوان لەو سەردەمەدا بریتیبوون لە: لەدەستانی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان بە تایبەتی لە ڕەگەزی نێر بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، هەوڵەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە نموونە، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، ڕوسیا و فەرەنسا بۆ زیادکردنی ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکانیان و کاریگەرییان لەسەر تورکیا، بەهۆی تێوەگلانی دەوڵەتی عوسمانی بە ژمارەیەکی زۆر جەنگەوە، نەتوانرابوو وەك پێویست گرنگی بەکەرتی تەندروستی بدرێت و ئەمەش ببووە هۆی زیادبوونی ژمارەی مردووان و دواتریش کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان، زاڵبوونی ئەو بیرۆکەیەی کە هەتاکو ژمارەی

دانیشتوان زیاتر بێت لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە بە قازانجی دەوڵەت دەشکێتەوە، بەتایبەتی لەوکاتەدا کە تورکیا دووچاری کۆمەڵێك جەنگی ناوخۆیی و دەرەکیی ببووەوە، هەروەها کاربەدەستانی وڵات باوەڕیان وابوو بۆ بەگەڕخستنی دەرامەتە سروشتییەکانی وڵات پێویستیان بە دەستی کاری زۆر دەبێت، ئەوەش تەنها لە ڕێگەی زیادکردنی ژمارەی دانیشتوانەوە دەبێت و لەو ڕێگەیەوە تورکیا دەبێتە خاوەنی ئابوورییەکی بەهێزی وەها کە لە گۆڕەپانی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا حسابی بۆ بکرێت، کۆتا هۆکاریش بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتی زیادکردنی ژمارەی دانیشتوان ئەوە بوو، کاربەدەستانی دەوڵەت پێیان وابوو، هەتاکو ژمارەی دانیشتوانی وڵات نەگاتە ئاستێکی دیاریکراو بە ئاسانی ناتوانن خواستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەکەیان دەستەبەر بکەن (Semiz, ٢٠١٠, p. ٤٣١).

هەموو ئەو هۆکارانەی ئاماژەیان پێدرا، بوونە هۆی ئەوەی کاربەدەستان و پلاندارێژەرانی وڵات لەپێش هەمووشییانەوە، مستەفا کەمال ئەتاتورکی سەرۆکی ئەوکاتی تورکیا کە سیاسەتی زیادکردنی ژمارەی دانیشتوان بە سیاسەتێکی نیشتیمانی ناوزەد بکات، لەو پێناوەشدا فەرمانی کرد کە کۆمەڵێك ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئابووریی بە ئامانجی زیادکردنی ژمارەی دانیشتوانی وڵات بگیرێتەبەر، کە گرنگترینیان ئەو خاڵانەی لا خوارەوەن:

١- کەمکردنەوەی تەمەنی ڕێگەپێدراو بۆ هاوسەرگیریی، بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی ١٩٣٨دا یاسای مەدەنی هەموارکرایەوە و تەمەنی ڕێگەپێدراو بۆ هاوسەرگیریی لە کوڕاندا بە (١٧ساڵ) و لە کچانیشدا بە (١٥ساڵ) دیاریکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوسەرگیری کوڕانی (١٥ساڵ) و کچانی (١٤ساڵ) چاوپۆشی لێدەکرا.

٢- هەموو ئەو ڕێگە و شێوازانە قەدەغەکران کە بۆ ڕێگریکردن لە دووگیانبوون بەکاردەهێنرا، جا ئایا دەرمان بێت یاخود هەر ڕێگە و شێوازێکی دیکە، بەپێی یاسای سزادانی تورکیای ساڵی ١٩٢٦ لەباربردنی منداڵ سزایەکی زۆر قورسی بۆ دانرابوو، هاوکات لە ساڵی ١٩٣٦دا جارێکی دیکە یاسەکە هەموارکرایەوە و سزای لە باربردنی منداڵ زیاتر قورس کرا.

٣- پەیوەستکردنی هاوکارییەکانی دەوڵەت بە ژمارەی ئەندامانی خێزانەوە، واتە ئەو خێزانانەی ژمارەی ئەندامەکانیان زیاتر بووایە، زیاتر لە هاوکارییەکانی دەوڵەت سودمەند دەبوون، بە نموونە، ئەو خێزانانەی ژمارەی منداڵیان زۆر بوو، لە کۆمەڵێك ئەرکی دەوڵەت وەك بەشداریکردن لە دروستکردنی ڕێگاوبان دەبەخشران، هەروەها بەپێی هەمواری یاسای باجی ساڵی ١٩٣١-١٩٣٢ ئەو خێزانانەی ژمارەی منداڵیان زۆر بوو لە باج بەخشرابوون و مافی لە پێشینەیان هەبوو بۆ سوود وەرگرتن لە خزمەتگوزارییە گشتییەکانی دەوڵەت.

٤- لەساڵی ١٩٣٠دا یاسای تەندروستی گشتی دەرچوو، کە کۆمەڵێك ڕێوشوێنی تایبەتی سەبارەت بە هۆکارەکانی زیادبوونی ڕێژەی لە دایکبوون و ڕێگریکردن لەمردنی منداڵ لە خۆدەگرت، بە نموونە، چاودێریی دایکانی دووگیان پێش منداڵبوون و دوای منداڵ بوون، هەروەها خەڵاتکردنی ئەو خێزانانەی لە شەش منداڵ زیاتیان هەبوو، جا بە پارە بێت یاخود مەدالیا، ئەمە بێجگە لەوەی لە هەمواری یاسای ساڵی ١٩٣١دا ئاماژە بەوە درابوو کە لە دابەشکردنی زەوییەکانی دەوڵەت بەسەر هاونیشتمانیاندا ڕەچاوی ژمارەی ئەندامانی خێزان دەکرێت و مافی لە پێشینەیی بەو خێزانانە دەدرێت کە ژمارەی ئەندامەکانیان زیاترە.

٥- هاوبەشــپێکردنی شــارەوانییەکان لە سیاســەتی زیــادکرنی ژمــارەی دانیشــتواندا، ئەمەش لەڕێــگەی یاســای شــارەوانییەکانی ســاڵی ١٩٣٠، کە شــارەوانییەکانی ئەرکــدارکردبوو بە هاوکــاریکردنی پرۆســەکە، ئەوەش لە ڕێگــای گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی و هاوکاریکردنی دایکانی دووگیان و دابەشکردنی پێداویستی پزیشکی بێ بەرامبەر بەسەر خێزانە هەژارەکاندا.

٦- وەك کۆتا ڕێوشوێنیش بۆ زیادکردنی ژمارەی دانیشتوانی وڵات، بابەتی کۆچی دەرەکیش بوو بە بەشێك لە سیاسەتی زیادکردنی ژمارەی دانیشتوان، بۆ ئەو مەبەستەش ئاسانکاریی بۆ خێزانە پەنابەرەکان کرا و لە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتدا نیشتەجێکران، هەروەها بەپێی ژمارەی ئەندامەکانیان زەوی و بژاردەی قەرزی بانکی درێژخایەن بە سوودێکی زۆر کەم پێشکەش بە خێزانە پەنابەرەکان کرا.( Taşçı, ٢٠٢٤, https://bit.ly/٣Z١I١yx) .

بێگومان هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی لە سەرەوە باسکران کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر بەرزکردنەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە سەرجەم پارێزگاکانی تری تورکیا و پارێزگای ئامەدیشدا هەبوو، ئەگەرچی کاریگەریی ئەم ڕێوشوێنانەی دەوڵەت لە ماوەی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا ئەنجامێکی وەك پێویستی بەدەستەوە نەدا، هۆکاری ئەوەش بۆ نزیکەی (٢٥ ساڵ) لەوەو پێش دەگەڕێتەوە، کە تورکیا داخڵ بە جەنگی یەکەمی جیهانی و جەنگی وڵاتانی باڵکان ببوو، ئەوەش کاریگەریی ڕاستەخۆی لەسەر کەمبوونەوەی ژمارەی لەدایکبووان و زۆربوونی ژمارەی مردووان دانابوو لەو سەردەمەدا، وە ئەو منداڵانەی لەو کاتەشدا لەدایکبووبوون لە ساڵانی (١٩٤٠-١٩٤٥)دا گەیشتبوونە قۆناغی پێتداریی و بەهۆی کەمی ژمارەیانەوە ژمارەی لەدایکبوون و دواجاریش ڕێژەی گەشەی دانیشتوان بەرەو نزمبوونەوە چوو، هۆکارێکی دیکەش ئەوە بوو کە تورکیا سەرەڕای ئەوەی کە بەشداری جەنگی دووەمی جیهانی نەکرد، بەڵام بەهۆی درێژەکێشانی جەنگەکەوە مەترسیەکانی تێوەگلانی تورکیا بەو جەنگە، بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی کە لەتەمەنی باوکایەتیدا بوون بەسەربازگیرابوون، ئەوەش بۆ خۆی کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەو ماوەیەدا، ئەمە جگە لەوەی لەو ماوەیەدا هیچ شەپۆلێکی کۆچی ئەوتۆی دانیشتوانیش ڕووی لە تورکیا نەکرد (Gelekçi, ٢٠١٥, ٥٩٢-٥٩٣ p.). بێگومان هەموو ئەو هۆکارانەی ئاماژەیان پێدرا، کاریگەری ڕوون و دیاریان لەسەر گەشەی دانیشتوانی تورکیا و پارێزگای ئامەدیش بەجێهێشت، بە ڕوانین بۆ ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی پارێزگای ئامەد لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢٧ - ١٩٦٠)دا ئەو ڕاستییەمان زیاتر لا ڕووندەبێتەوە.

**خشتەی (١) ژمارە و ڕێژی گەشەی دانیشتوانی پارێزگای ئامەد(١٩٦٠-١٩٢٧)**

| ژ | سەرژمێری | ژمارەی دانیشتوانی ئامەد | ڕێژەی گەشە (٪) | ژمارەی دانیشتوانی تورکیا | ڕێژەی گەشە (٪) |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٢٧ | ١٩٤,٣١٦ | - | ١٣,٦٤٨,٢٧٠ | - |
| ٢ | ١٩٣٥ | ٢١٤,١٤٢ | ١٠ | ١٦,١٥٨,٠١٨ | ١٨ |
| ٣ | ١٩٤٠ | ٢٥٧,٣٢١ | ٢٠ | ١٧,٨٢٠,٩٥٠ | ١٠ |
| ٤ | ١٩٤٥ | ٢٤٩,٩٤٩ | ٣- | ١٨,٧٩٠,١٧٤ | ٥ |
| ٥ | ١٩٥٠ | ٢٩٣,٧٣٨ | ١٨ | ٢٠,٩٤٧,١٨٨ | ١١ |
| ٦ | ١٩٥٥ | ٣٤٣,٩٠٣ | ١٧ | ٢٤,٠٦٤,٧٦٣ | ١٥ |
| ٧ | ١٩٦٠ | ٤٠١,٨٨٤ | ١٧ | ٢٧,٧٥٤,٨٢٠ | ١٥ |

**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:**

١- T.C. Başvakalet Umum İstatistik Müdürlüğü, Umumî Nüfus Tahriri (١٩٢٧), Fasikül (١).

٢- T.C. Başbakanlık İstatistik Genel Direktörlüğü, Genel Nüfus Sayımı (١٩٣٥), Cilt (٥٩), Sayı (٧٥).

٣- T.C. Başbakanlık İstatistik Genel Müdürlüğü Kitaplığı, Genel Nüfus Sayımı (١٩٤٠), Sayı (١٢٨٥).

٤- T.C. Başbakanlık İstatistik Genel Müdürlüğü, Genel Nüfus Saymı (١٩٤٥), Türkiye İstatistik Krurmu Kütüphane ve Dokümantasyon Grubu, Cilt (٦٥), Yayın (٢٨٦), Ankara, ١٩٥٠.


٥- T.C. Başvakalet Umum İstatistik Müdürlüğü, Umumî Nüfus Sayımı (١٩٥٠), Neşriyat (٣٥٩), ١٩٥١.

٦- T.C. Başbakanlık İstatistik Genel Müdürlüğü, Genel Nüfus Saymı (١٩٥٥), Cilt (٦٧), Yayın (٣٩٩), İstanbul, ١٩٦١.

٧- T.C. Başbakanlık Devlet İstatistik Enstitüsü, Genel Nüfus Saymı (١٩٦٠), Devlet İstatistik Enstitüsü Matbaası, Yayın (٤٤٤), Ankara, ١٩٦٣.

وەك لە خشتەی (١)دا دەردەکەوێت، لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢٧-١٩٦٠) ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای ئامەد بەڕێژەی جیا جیا گەشەی بەخۆیەوە بینیوە و بێجگە لە ساڵانی (١٩٣٥ و ١٩٤٥) بەردەوام ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی پارێزگاکە لە تێکڕای گشتی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی تورکیا زیاتر بووە، کە ئەمەش ئامەژەیەکی دیمۆگرافی گرنگە و بەرزی ئاستی لەدایکبوون لە چاو مردن "گەشەی سروشتی "لە ناوچەکەدا دەخاتەڕوو، ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٤٠-١٩٤٥)ە، کە هاوکاتە لەگەڵ جەنگی دووەمی جیهانیدا، لەو ماوەیەدا ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی پارێزگاکە بەڕێژەی (٣٪) کەمیکردووە، ئەمەش سەرباری ئەو فاکتەرانەی پێشتر ئاماژەیان پێدرا، هۆکارە سەرەکییەکەی بۆ خۆ تۆمارنەکردنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ناوچەکە لە سەرژمێری ساڵی (١٩٤٥)دا دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی ئەو کەسانەی تەمەنەکەیان خزمەتی سەربازیی دەیگرتەوە لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە کۆچکردنی بەشێك لە دانیشتوانی پارێزگاکە بۆ شارەکانی تری تورکیا، کە بارودۆخ و هەلومەرجی ژیان تێیاندا باشتربووە بە بەراورد بە ناوچەکانی خۆیان، چونکە وەك ئاشکرایە لە سەروەختی جەنگی دووەمی جیهانیدا ڕەوشی بەشێکی زۆر ئەو ناوچانە لە ڕووی ئابوری و خزمەتگوزاریی و تەندروستییەوە وەك پێویست نەبووە، ئەوەی ئەو ڕاستییەش دەسەلمێنێت کەمبوونەوەیەکی بەرچاوی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکەیە سەرژمێری ساڵی ١٩٤٥دا بە بەراورد بە سەرژمێریی ساڵی (١٩٤٠)، کە ژمارەی ڕەگەزی نێر بە ڕێژەی (٤,١٪) کەمیکردووە، لە کاتێکدا ژمارەی ڕەگەزی مێ تەنها بەڕێژەی (١,٤٪) کەمیکردووە و هۆکاری کەمکردنەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کۆچکردنی بەشێك لە خانمان لەگەڵ خانەوادەکانیان بۆ شارە گەورەکانی بەشی ڕۆژئاوای وڵات، بڕوانە شێوەی (١)، بەڵام لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە جارێکی دیکە ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی پارێزگای ئامەد بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و لە سەرژمێری ساڵی (١٩٥٠)دا ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە بووە بە ٢٩٣ هەزار و ٧٣٨ کەس، کە ئەم ژمارەیەش بە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای ناوبراو لە ساڵی (١٩٤٥)دا بەڕێژەی (١٨٪) زیادیکردووە، هۆکاری ئەم زیادکردنە بەشێوەیەکی بەرچاو بۆ باشتربوونی ڕەوشی سیاسی و ئابوری و تەندروستی وڵات لەلایەك، هەروەها هاتنی ژمارەیەکی زۆر کۆچبەری تورك لە وڵاتانی وەك یۆنان و بولگاریاوە بۆ تورکیا لە لایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە، ئەمەش پاش ئەوەی تورکیا بەڕێکەوتن لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا ئاڵوگۆڕی دانیشتوانی کرد، واتە ئەو هاوڵاتییە یۆنانی و بولگارییانەی کە لە تورکیادا بوون نێردرانەوە بۆ زێدی خۆیان و لە بەرامبەردا هاوڵاتییە بەڕەگەز تورکەکەکانی ئەو وڵاتانە هاوردەی تورکیا کرانەوە و تەنها لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٠-١٩٥١)دا نزیکەی (١٥٤ هەزار و ٣٩٣ کەس) لە بولگاریاوە گەڕێندرانەوە بۆ تورکیا و بەشێکیان لە پارێزگای ئامەد نیشتەجێ کران (Doğan, ٢٠١١, p. ٢٩٩، Fırat Haber, ٢٠٢٠, https://bit.ly/٣ADNsJP)، بێگومان ئەمەش فاکتەرێکی بەهێزبوو بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لەسەرانسەری تورکیا و ناوچەی توێژینەوەشدا.

**شێوەی (١) کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان بەپێی ڕەگەز لە پارێزگای ئامەد(١٩٤٥-١٩٤٠)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :**

**١- T.C. Başbakanlık İstatistik Genel Müdürlüğü Kitaplığı, Genel Nüfus Sayımı (١٩٤٠), Sayı (١٢٨٥).**

**٢- T.C. Başbakanlık İstatistik Genel Müdürlüğü, Genel Nüfus Saymı (١٩٤٥), Türkiye İstatistik Krurmu Kütüphane ve Dokümantasyon Grubu, Cilt (٦٥), Yayın (٢٨٦), Ankara, ١٩٥٠.**

**ب- سیاسەتی دەوڵەت بە ئاراستەی کەمکردنەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان ١٩٦٠-٢٠٠٠ (Anti-natalist Policy)**

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیای نوێ هەتاکو سەرەتای (١٩٦٠)ەکان، کاربەدەستانی تورکیا زۆریی ژمارەی دانیشتوانیان وەك فاکتەری هێز بۆ وڵات دەبینی، بۆ ئەو مەبەستەش کۆمەڵێك ڕێوشوێنی جۆراوجۆریان گرتەبەر بە ئاراستەی زیادکردنی ژمارەی دانیشتوانی وڵات، بەڵام لە سەرەتای (١٩٦٠)کانەوە، بەهۆی کەوتنە ژێر کاریگەریی سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا، بیر و بۆچونی کاربەدەستان و پلاندارێژەرانی وڵات دەربارەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان گۆرانکاری بەسەردا هات و فکرەی کەمکردنەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان جێگەی گرتەوە، بۆ پشتگیریکردن لە تێزەکەیان، پشتیان بە کۆمەڵێك پاساوی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی بەستبوو، لەلایەن وڵاتانی وەك ئەمریکا و فەرەنسا و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە ڕێنموونی دەکران بۆ پراکتیزەکردنی سیاسەتی کەمکردنەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان، تەنانەت بابەتەکە بەشێوەیەك گەورە کرابوو کە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پەروەردە و نەخۆشخانەی منداڵبوونی ئەنکەرە و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی تریش بە ئەوپەڕی تواناوە لە هەوڵی جێبەجێکردنی سیاسەتی کەمکردنەوەی

ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتواندا بوون، تەنانەت لایەنی دینی بابەتەکەش لە لایەن وەزارەتی ئەوقافەوە ڕێگاچارەی بۆ دۆزرایەوە و فتوای ئەوەیاندا، هەر خانمێك ئەگەر "خواستی خۆی لەسەر بێت دەتوانێت ڕێگری لە منداڵبوون" بکات، پاش گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنەکان و لە کۆتاییدا ڕەشنووسی بابەتەکە لە ساڵی ١٩٦٤دا خرایە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە و سەرەڕای هەندێك ڕەخنە و بیر و بۆچوونی جیاوازیش دەربارەی ڕەشنوسەکە، بابەتەکە لەلایەن پەرلەمانەوە لە ژێر ناونیشانی "پلانی دانیشتوان"دا پەسەندکرا و لە ساڵی (١٩٦٥)دا خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، وەك یەکەم هەنگاویش تەمەنی ڕێگەپێدراو بۆ هاوسەرگیری لە کوڕاندا بۆ (١٨ساڵ) و لە کچانیشدا بۆ (١٧) ساڵ بەرزکرایەوە و هەموو جۆرەکانی ڕێگریکردن لە دووگیانی شەرعیەت و ڕەوایەتی پێدرا و لە قۆناغەکانی دواتریشدا لە باربردنی منداڵ هەتاکو تەمەنی (١٠هەفتە) بەیاسایی کرا (Taşçı, ٢٠٢٤, https://bit.ly/٣Z١l١yx ).

بێگومان پاساوی سەرەکی کاربەدەستانی ئەوکاتی تورکیا بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی کەمکردنەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان ئەوەبوو، کە دەرامەتەکانی وڵات سنوردارە و ئەگەر ژمارەی دانیشتوان بە خێراییەکی زۆر زیاد بکات، ئەوا پشکی تاك لە داهاتی ساڵانەدا کەمدەبێتەوە و سەرچاوە خۆراکییەکان توشی کورتهێنان دەبن، بێگومان ڕەگ و ڕیشەی ئەم بۆچوونەی کاربەدەستانی وڵات دەچێتەوە سەر تیۆرییەکەی ماڵتوس کە دەڵێت سەرچاوە خۆراکییەکان بە شێوازی زیادکردنی ژمارەیی (١، ٢، ٣، ٤ ....) زیاد دەکەن، بەڵام دانیشتوان بەشێوازی زیادکردنی جیۆمێتری زیاد دەکات (١، ٢، ٤، ٨، ١٦...)، واتە سەرچاوە خۆراکییەکان بەهەمان خێرای گەشەی دانیشتوان زیاد ناکەن و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ کۆمەڵێك کێشەی جۆراوجۆری وەك: کورتهێنانی سەرچاوە خۆراکییەکان، بڵاوبوونەوەی بێکاریی، تێکچوونی ژینگە، بەشاربوون، کۆچ...هتد، وەزیری تەندروستی ئەو دەمەش دکتۆر کەمال دێمیر ڕایگەیاند، نزیکەی (٪٤٠) دانیشتوانی تورکیا تەمەنی لە خوار ١٥ ساڵەوەیە و لە وڵاتانی تردا ڕێژەکە لە نێوان (٪٢٠ بۆ ٪١٥) دایە، ئەوەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پشکی تاك لە داهاتی ساڵانەدا، هەروەها ئاماژەی بەوەش دا، ڕێژەی گەشەی بەروبوومی کشتوکاڵیی وڵات سنوردارە و ناتواندرێت بە هەمان خێرایی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بەرهەمی کشتوکاڵی زیادبکرێت (Salep, ٢٠٢٣, p. ٣٨٦-٣٩٠)، هەربۆیە لە لای پلاندارێژەرانی وڵات ئەو بۆچوونە دروستبوو کە ئەگەر نەتوانن خێرای گەشەی سەرچاوە خۆراکییەکان زیاد بکەن، خۆ دەتوانن خێرایی گەشەی دانیشتوان کەمبکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش لە ڕێگای یاساوە ڕەواییان بە هەموو ڕێکارەکانی ڕێگریکردن لە منداڵبوون و دووگیانی دا، بەتایبەتی لە ناو چینی هەژاراندا کە ڕێژەی لە دایکبوون زۆر بەرزبوو دەستکرا بە بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی تەندروستی و هۆشیارکردنەوەی دانیشتوان سەبارەت بە ڕێگاکانی ڕێگریکردن لە منداڵبوون و دووگیانی ( Doğan, ٢٠١١, p. ٣٠٠).

جێگای ئاماژە پێدانە کە هەوڵەکانی دەوڵەت بۆ کەمکردنەوەی خێرایی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بە درێژایی (١٩٦٠)ەکان بەو پەڕی گوڕوتینەوە بەردەوام بوو، بۆ ئەو مەبەستەش ڕاپۆرتێکی هاوبەش لەلایەن دەزگای پلاندانی دەوڵەت و وەزارەتی پەروەردەوە ئامادە کرا و ڕاپۆرتە جەختی لەسەر پێویستی کۆنترۆڵکردنی لەدایکبوون و دووگیانی دەکردەوە (Salep, ٢٠٢٣, ٣٨٨)، هەر لەو پێناوەشدا بابەتی کۆنترۆڵکردنی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان خرایە ناو پەرتوکی خوێندنی قوتابخانەکانەوە، شیاوی باسە هەتاکو ساڵی (١٩٧١)یش هەر کتێبەکانی ساڵی ١٩٥٥ چاپ دەکرانەوە کە باسی گرنگی و بایەخی زۆری ژمارەی دانیشتوان دەکرد، بەڵام لەساڵی ١٩٧٥دا کتێبێکی مەنهەجی خوێندن بەناوی "جوگرافیای تورکیا" لە لایەن دوو جوگرافیناسی دیاری تورکیا بە ناوەکانی (سرری ئێرینچ و

سامی ئۆنگۆرەوە) ئامادەکرا و تێیدا ئاماژە بەو کێشانە کرابوو کە دەکرێت بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەوە دەوڵەت دووچاری ببێتەوە (Karaca, Karakuş, ٢٠٢٠, p. ٦٤٧). بەکورتی کاربەدەستان و پلاندارێژەرانی وڵات بۆ جێبەجێکرنی سیاسەتی کەمکردنەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان هەموو هەوڵێکی خۆیاندا و لە ئەنجامیشدا توانیان ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەسەر ئاستی تورکیا تا ئەندازەیەك کەم بکەنەوە، بەڵام سەبارەت بە پارێزگای ئامەد وەك لە خشتەی (٢)دا نیشاندراوە ئەنجامەکە پێچەوانە بوو.

**خشتەی (٢) ژمارە و ڕێژی گەشەی دانیشتوانی پارێزگای ئامەد(٢٠٠٠-١٩٦٥)**

| ژ | سەرژمێری | ژمارەی دانیشتوانی ئامەد | ڕێژەی گەشە (٪) | ژمارەی دانیشتوانی تورکیا | ڕێژەی گەشە (٪) |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٦٥ | ٤٧٥,٩١٦ | ١٨ | ٣١,٣٩١,٤٢١ | ١٣,١ |
| ٢ | ١٩٧٠ | ٥٨١,٢٠٨ | ٢٢ | ٣٥,٦٠٥,١٧٦ | ١٣,٤ |
| ٣ | ١٩٧٥ | ٦٥١,٢٣٣ | ١٢ | ٤٠,٣٤٧,٧١٩ | ١٣,٣ |
| ٤ | ١٩٨٠ | ٧٧٨,١٥٠ | ١٩ | ٤٤,٧٣٦,٩٥٧ | ١١ |
| ٥ | ١٩٨٥ | ٩٣٤,٥٠٥ | ٢٠ | ٥٠,٦٦٤,٤٥٨ | ١٣ |
| ٦ | ١٩٩٠ | ١,٠٩٤,٩٩٦ | ١٧ | ٥٦,٤٧٣,٠٣٥ | ١٢ |
| ٧ | ٢٠٠٠ | ١,٣٦٢,٧٠٨ | ٢٤ | ٦٧,٨٠٣,٩٢٧ | ٢٠ |

**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :**

- Türk İstatistik Kurumu (TÜİK), Genel Nüfus Sayımları (١٩٦٥,١٩٧٠,١٩٧٥,١٩٨٠,١٩٨٥,١٩٩٠,٢٠٠٠), https://bit.ly/٤٧١J٩E١.


وەك لە خشتەی (٢)دا دەردەکەوێت لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٠-١٩٦٥)دا ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بە بەراورد بە پێنج ساڵی پێشتر بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، گەرچی حکومەتی تورکیا لەو ماوەیەدا و بە دیاریکراویی لە ساڵی ١٩٦٣دا پلانی گەشەپێدانی پێنج ساڵی خستە بواری جێبەجێکردنەوە کە ئەم پلانە خێرای گەشەی دانیشتوانی وەك ڕێگرێك لە بەردەم گەشەی ئابوریی وڵاتدا دادەنا و جێبەجێکردنی سیاسەتی کەمکردنەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی بە پێویست دەبینی، هەر بەوهۆیەوە بوو کە لە ساڵی (١٩٦٥) یاسای پلانی دانیشتوان *چووە بواری جێبەجێکرنەوە، ئامانجی سەرەکی لە جیبەجێکردنی ئەم یاسایە کەمکردنەوەی خێرایی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بوو (Kayacan, ٢٠٢٢, p. ١٢٣-١٢٤)، ئەگەر چی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە هەتا ڕادەیەك کاریگەری هەبوو لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەسەر ئاستی وڵات و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی

دانیشتوانی تورکیای بە بەراورد بە ساڵی (١٩٦٠) لە (٢٪) کەمکردەوە، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی لەسەر گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای ئامەد نەبووە و تەنانەت دانیشتوانی پاریزگاکە بەراورد بە ساڵی (١٩٦٠) بە ڕێژەی (١٪) زیادیکردووە، هۆکاری ئەو زیادکردنەش دەگەڕێتەوە بۆ دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لە پارێزگاکەدا، چونکە لە سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥دا نزیکەی (٦٦٪) دانیشتوانی پارێزگاکە.

دواتر لەساڵی (١٩٦٨)دا ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (پلانی خێزان).

گوندنشین بوون و بە چالاکی کشتوکاڵییەوە سەرقاڵبوون(Tüik, Genel Nüfus Sayımı, ١٩٦٥) ، ئەمە بێجگە لەوەی کە دواکەوتووی ناوچەکە لە چاو ناوچەکانی تری بەشی ڕۆژئاوای وڵات و نزمی ئاستی خوێندەواری و هۆشیاری کۆمەڵایەتی و لایەنی کلتوریش هۆکارگەلێکی تربوون بۆ بەرزی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە پارێزگاکەدا .(Çoban, ٢٠١٥, p. ٣٣٨)

**شێوەی (٢)** دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لە پارێزگای ئامەد لە سەرژمێریی ساڵی (١٩٦٥)دا




**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە :**

١- Türk İstatistik Kurumu (TÜİK), ١٩٦٥ Genel Nüfus Sayımı, https://bit.ly/٤g٢qn٣y

بەهەمان شێوەی پێنج ساڵی پێشتر لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٥-١٩٧٠)یشدا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە پارێزگاکەدا بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینی و ژمارەی دانیشتوانی پاریزگاکە بە بەراورد بە ساڵی (١٩٦٥) نزیکەی (١٠٥,٢٩٢کەس) زیادیکرد، بەڵام لە سەرژمێریی ساڵی (١٩٧٥)دا بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بۆ (١٢٪) دابەزی، هۆکاری ئەم دابەزینەش بە پلەی یەکەم بۆ کۆچی دانیشتوانی ناوچەکە دەگەڕێتەوە، نەك سیاسەتی دانیشتوانی دەوڵەت، بێگومان هۆکاری ئەو کۆچەش بۆ نایەکسانی ناوچەکانی تورکیا دەگەڕێتەوە لە ڕووی پێشکەوتن و گەشەی ئابوورییەوە، لە ڕاستیدا پارێزگای ئامەد لەو سەردەمەدا لە ڕیزبەندیی ئەو پارێزگایانەی تورکیادا بووە کە لە ڕووی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی (سۆسیۆئیکۆنۆمیك)ەوە زۆر دواکەوتووبووە و


دانیشتوانەکەشی بەناچاریی بۆ دەستخستنی هەلی باشتری ژیان، بەردەوام ڕوویان لە پارێزگاکانی ڕۆژئاوای وڵات کردووە، لە سەرەتای (١٩٦٠)کانیشەوە پاش ڕێککەوتنی حکومەتی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا، نەمسا، بەلچیکا، سوید و دانیمارك،...هتد، لەسەر ناردنی دەستی کار لە تورکیاوە بۆ ئەو وڵاتانە (Solmaz, ٢٠٢٢, p. ٥٦)، بەشێکی زۆری دانیشتوانی پارێزگاکە بە تایبەتی گوندنشینەکان ڕوویان کردە وڵاتی ئەڵمانیا و وڵاتانی تری ڕۆژئاوا، هەرچەندە ژمارەی کۆچبەرەکان بەپێی پارێزگاکان دەستنیشان نەکراوە، بەڵام بەپێی ئەو توێژینەوانەی لەو ماوەیەدا ئەنجامدراوە لە ساڵی (١٩٦١)ەوە هەتا ساڵی (١٩٧٥)، زیاتر لە یەك ملیۆن کەس لە ناوچە جیاوازەکانی تورکیاوە و بەتایبەتیش لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵەوە چوون بۆ ئەڵمانیا و دواتریش ساڵانە نزیکەی (٦٠ هەزار کەس) بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ خێزانەکانیان ڕوویان لەو وڵاتە کردووە (Ünver, ٢٠٠٣, p.١٩٢-٢٢١, Durmaz vd., ٢٠٢٢, p.١٨٣)، بەپشت بەستن بەو زانیارییانەی پێشتر دەتوانرێت بگوترێت، نایەکسانی جوگرافی لە نێوان پارێزگاکانی تورکیادا لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەوە هۆکاری سەرەکی بوون لە کەمبوونەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای ئامەد لە ساڵی (١٩٧٥)دا.

هەرچەندە لە دوای ساڵی (١٩٧٥)ەوە جارێکی تر ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگاکە ڕووی لە بەرزبوونەوە کردەوە، ئەوەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ناوەڕاستی (١٩٧٠)کاندا "قەیرانی سوتەمەنی" لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا سەری هەڵدا، وڵاتی ئەڵمانیاش کە وڵاتێکی پیشەسازیی بوو زیانێکی ئابوری زۆری بەرکەوت، هەربۆیە بە سیاسەتی وەرگرتنی کۆچبەراندا چووەوە و ئەمجارەیان دەستی کرد بە ڕێگریکردن و مەرج دانان بۆ هاتنی کۆچبەرانی تورکیا بۆ وڵاتەکە، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە پێشتر و لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٥) نزیکەی (٧٩٪)ی ئەو کۆچبەرانەی کە لە تورکیاوە ڕوویان کردبووە وڵاتانی ڕۆژئاوا لەو وڵاتەدا گیرسابوونەوە (Solmaz, ٢٠٢٢, p. ٥٦)، ئەگەرچی ئەڵمانیا دەرگای وڵاتەکەی بەتەواوەتی بەڕووی ئەو کۆچبەرانەدا دانەخست کە لەتورکیاوە ڕوویان دەکردە وڵاتەکەی، بەڵام لە دوای قەیرانەکەوە ئەو کۆچبەرانەی وەردەگرت کە شارەزایی و ئەزموونی ئیشیان هەبوو (Durmaz vd., ٢٠٢٢, p. ١٨٣)، واتە کۆتایی هێنا بە وەرگرتنی دەستی کاری ناشارەزا، کە زیاتر لە ناوچە دواکەتووەکانی تورکیاوە و بە تایبەتی لە ناوچە کوردییەکانەوە کۆچیان دەکرد بۆ ئەو وڵاتە، بەهۆی قەیرانەکەشەوە فرسەتی کار کەمبوویەوە و بووە هۆی ئەوەی بەشێك لەو کۆچبەرانەی کە لە قۆناغەکانی پێشتردا هاتبوونە ئەو وڵاتە بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان (Ceylan, ٢٠٢٢, p. ١٨٠)، بە دڵنیاییەوە ئەوەش کاریگەریی هەبوو لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە ساڵەکانی (١٩٨٠- ١٩٨٥)دا لە ناوچەی توێژینەوەدا.

شیاوی ئاماژە پێدانە کە لە ساڵی ١٩٨٥ بەدواوە جارێکی دیکە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە ناوچەی توێژینەوەدا ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە و لە ساڵی ١٩٩٠دا ڕێژەکە بووە بە (١٧٪)، واتە بەراورد بە ساڵی (١٩٨٥) بەڕێژەی (٣٪) کەمیکردووە، دواتریش لە ساڵی (٢٠٠٠)دا ڕێژەکە بووە بە (٢٤٪)، بەڵام ئەمە بە مانای بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان نایەت، چونکە لە قۆناغەکانی پێشتردا ماوەی پێنج ساڵ وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی گۆڕینی ماوەی ئەنجامدانی سەرژمێری لە (٥ ساڵ)ەوە بۆ(١٠ ساڵ) لە ساڵی (١٩٩٠)دا (Doğan, ٢٠٢١, p. ٢١٠)، داتای دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بۆ ساڵی ١٩٩٥ بەردەست نییە، هەربۆیە ئەگەر بێت و ئەو ڕێژەی گەشەیەی کە لەماوەی (١٠ ساڵ)دا بەدەستهاتووە، دابەشی بکەین بەسەر دوودا، واتە وەك دوو ماوەی جیاواز

حسابی بۆ بکەین، ئەوا دەبینین ڕێژەی گەشەی دانیشتوان دەبێتە (١٢٪) بۆ ساڵی (١٩٩٥ و ٢٠٠٠)یش، هۆکاری ئەو کەمبوونەوەیەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٨٥)دا ژمارەی دانیشتوانی شارنشین ژمارەی دانیشتوانی گوندنشینی تێپەڕاند (بڕوانە شێوەی ٣).

**شێوەی (٣)** دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لە پارێزگای ئامەد لە ماوەی نێوان ساڵانی(٢٠٠٠-١٩٨٠)




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :**

**١- Türk İstatistik Kurumu (TÜİK), ١٩٨٠-٢٠٠٠ Genel Nüfus Sayımları, https://bit.ly/٤g٢qn٣y.**

ئەو کەمبوونەوەیەی ڕێژەی گوندنشینانیش بەهۆی ئەوەوە بوو، حکومەتی تورکیا لە دوای ساڵی )١٩٨٠(ەوە یاسای بە پیشەسازیبوونی وڵاتی هەموارکردەوە و وەبەرهێنانەکانی لە کەرتی کشتوکاڵدا کەمکردەوە و ڕوویکردە گرنگیدان بە کەرتە ناکشتوکاڵییەکان(Başbakanılk Aile Araşturma Kurumu, ١٩٩٨, p. ١٥٢) ، بێگومان لەو کاتەیشدا بەشێکی زۆری دانیشتوانی پارێزگای ئامەد لە گوندەکاندا ژیانیان دەکرد و سەرقاڵی چالاکی کشتوکاڵی بوون، هەربۆیە بە ناچاری زێدی خۆیانیان بەجێهێشت و بۆ دەستخستنی هەلی کار ڕوویان کردە شارە گەورەکان، ئەمە بێجگە لە بارودۆخی سیاسی و ئەمنی ئەو کاتەی پارێزگاکە کە بووبووە چەقی ململانێکانی نێوان حکومەتی تورکیا و چەکدارانی پارتی کرکارانی کوردستان، کە ئەوەش بۆخۆی ڕۆڵێکی کاریگەریی هەبوو لەسەر کۆچی بەشێکی دانیشتوانی لادێکان بۆ شارەکانی وەك ئیستانبوڵ، ئیزمیر، بورسا و ئەدەنە،....هتد، بەشێکی تریشیان ڕوویان کردە قەزای ناوەند و ئەو شارانەی تر، کە نزیکبوون لە زێدی خۆیانەوە .(Emekçiler, ٢٠١٤, p. ١٦٦) بەحوکمی ئەوەشی کە پەیوەندی نێوان ڕێژەی گەشەی سروشتی دانیشتوان لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینی پەیوەندییەکی پێچەوانەیە و چڕبوونەوەی هەوڵەکانی حکومەتیش لەو کاتەدا بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لەوەی کە زۆری ژمارەی دانیشتوان دەبێتە ڕێگر لە بەردەم گەشەی ئابووری و بەرەوپێشچوونی وڵات و بەرزبوونەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی (Akça, Ela, ٢٠١٢, p.٢٢٨, Doğan, ٢٠١١, p.٣٠٢)، هەموو ئەو هۆکارانە پێکەوە کاریگەرییان لەسەر کەمکبوونەوەی ڕێژەی گەشەی

ساڵانەی دانیشتوان لە ناوچەی توێژینەوەدا هەبوو. بەکورتی لە دوای ساڵی (١٩٨٠)ەوە بەهۆی وەستاندنی هاوکارییەکانی دەوڵەت بۆ کەرتی کشتوکاڵ و تێکچوونی بارودۆخی ئەمنی ناوچەکە، بەشێکی زۆری گوندنشینان بەهۆی ناهەمواریی ڕەوشی ژیانیانەوە ڕوویان کردە شارەکان و لەگەڵ ڕاهاتنیان بە ژیانی شار و بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیریان، ڕێژەی لەدایکبوون تێیاندا کەمیکرد، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە لە ساڵی (١٩٨٥) بەدواوە کەمبوونەوەیەکی بەرچاو لە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەدا بەدیبکرێت، بێگومان ئەو کەمبوونەوەیەش لەڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتواندا لەگەڵ سیاسەتی دانیشتوانی ئەو کاتەی حکومەتی تورکیادا دەهاتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەێنێت ئەگەرچی لە سەرەتادا سیاسەتی دەوڵەت بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی گەشی ساڵانەی دانیشتوان کاریگەرییەکی ئەو تۆی نەبووبێت لەسەر ناوچەی توێژینەوە، بەڵام لە دوای ساڵی (١٩٨٥)ەوە لەپاڵ کاریگەریی کۆمەڵێك هۆکاری تردا کە پێشتر ئاماژەی پێدرا، وردە وردە کاریگەرییەکانی سیاسەتی دانیشتوانی دەوڵەتیش دەرکەوت ئەگەر بە ڕادەیەکی زۆر کەمیش بووبێت.

**دەرئەنجام**

١- لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢٧-١٩٦٠) وڵاتی تورکیا دەستیکرد بە جێبەجێکردنی سیاسەتی زیادکردنی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان، بۆ ئەو مەبەستەش کۆمەڵێك ڕێوشوێنی یاسایی سیاسی ئابووری و کۆمەڵایەتی گرتەبەر، تاوەکو بتوانێت لەو ڕێگایەوە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی وڵات بەرزبکاتەوە و ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکەی بگەێنێتە ئاستێکی وەها کە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا حسابی بۆ بکرێت.

٢- لە ئەنجامی پیادەکردنی سیاسەتی زیادکردنی ژمارەی دانیشتوان لە نێوان ساڵانی (١٩٢٧-١٩٦٠)دا، ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە سەرانسەری تورکیا و ناوچەی توێژینەوەشدا بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینی، بەڵام لە سەروەختی جەنگی دوومی جیهانیدا، بەهۆی دەرچوونی یاسای بەسەربازگرتنی ئەو کەسانەی کە تەمەنیان خزمەتی سەربازی دەیگرتەوە، بەشێکی زۆری دانیشتوانی ناوچەکە بەشداریی سەرژمێریی دانیشتوانیان نەکرد، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لەسەرژمێری ساڵی (١٩٤٥)دا بەشێوەیەکی نائاسایی دابەزێت.

٣- لە سەرژمێریی ساڵی (١٩٥٠)دا، بەهۆی جێگیرکردنی بەشێك لەو ئاوارە بە ڕەگەز تورکانەی کە لە وڵاتانی وەك بولگاریا و یۆنانەوە هاوردە کرابوونەوە و بەشێکیشیان لە ناوچەی توێژینەوەدا جێگیر کرابوون، ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی.

٤- لە ساڵی (١٩٦٠) بەدواوە لەژێر کاریگەریی سیاسەتی دانیشتوانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، کاربەدەستانی تورکیا کەوتنە بەرنامەڕێژی و پلاندانان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی وڵات، بۆ ئەو مەبەستەش لە چوارچێوەی پلانی پێنج ساڵەی گەشەپێدانی وڵاتدا کۆمەڵێك ڕێوشوێنیان گرتەبەر بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان، ئەوەش بە پاساوی ئەوەی زۆری ژمارەی دانیشتوان دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەشەی ئابووری و بوژانەوەی وڵات.

٥- هەوڵەکانی تورکیا بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە ناوچەی توێژینەوەدا، هەتاکو ساڵی (١٩٨٥) هیچ ئەنجامێکی دڵخۆشکەری بۆ حکومەتی تورکیا بەرجەستە نەکرد، بە پێچەوانەوە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی

دانیشتوان هەتا ئەو ڕێکەوتە هەر بە بەرزی مایەوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی تاوەکو ساڵی (١٩٨٥) بەشی زۆری دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لە گوندەکاندا دەژیان و بۆ بەڕێوەبردنی زەوییەکانیان پێویستان بە دەستی کاری زۆر هەبوو، هەربۆیە ڕێگریکردن لە منداڵبوون پێچەوانەی ستراتیژی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەوان بوو.

٦- لە ساڵی (١٩٨٥) بەدواوە بەهۆی دواکەوتوویی ناوچەکە لەڕووی ئابووری و خزمەتگوزارییەوە لە چاو ناوچەکانی تری تورکیا لایەك و تێکچوونی ڕەوشی ئەمنی ناوچەکەش لە لایەکی ترەوە، بەشێکی زۆری دانیشتوانی گوندنشینی پارێزگاکە ڕوویان کردە شارەکان، ئەوەش بووەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینان لە بەرامبەر گوندنشیاندا، ئەو بەشەی دانیشتوانی گوندەکانیش کە کۆچیانکردبوو بۆ شارەکان، بەهۆی ڕاهاتنیان بە ژیانی شار و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییان و هەوڵەکانیان بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ژیانی شاردا، هاوکات هەوڵەکانی دەوڵەتیش بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە بارەی زیانەکانی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و کاریگەرییەکانی لەسەر کەمکردنەوەی پشکی تاك لە داهاتی ساڵانەدا ڕێژەی لە دایکبوون کەمیکرد، هەموو ئەوانەش بوونە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە ناوچەی توێژینەوەدا.

**پێشنیار**

١- دروستکردنی ناوەندێکی توێژینەوەی ئەکادیمی بۆ گرنگیدان بەپرسی پارێزگاکانی کوردستانی باکوور، بە تایبەت لەڕووی دیاریکرنی تایبەتمەندییەکانی دانیشتوانی ئەو پارێزگایانە لەڕووی ژمارە، گەشەی ساڵانە، دابەشبوونی جوگرافی، دابەشبوونی ژینگەیی، کۆچ....هتد، بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە ڕەوش و تایبەتمەندی دانیشتوانی ئەو ناوچانە، چونکە ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی باکووری هەمیشە سەنگ و قورسایی خۆی هەبووە و هەیە لە هەموو پرسە سیاسییەکانی تایبەت بە گەلی کورد لە ناوچەکەدا.

٢- هەوڵبدرێت بۆ دروستکردنی پردێکی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ توێژەرانی کوردستانی باکوور، ئەوەش بە ئامانجی لە نزیکەوە بە ئاگابوون لە تایبەتمەندییەکانی دانیشتوانی پارێزگاکانی کوردستانی باکوور و تیشك خستنەسەر ئەو سیاسەتەنەی حکومەتی تورکیا کە کاریگەری نەرێنییان هەبووە لەسەر دیمۆگرافیای ئەو ناوچانە، هەتا لەو ڕێگایەوە بتواندرێت ڕێگاچارەی گونجاو بۆ کێشەکان دیاری بکرێت.

**سەرچاوەکان**


١- Akça, Haşim., Ela, Mehmet, ٢٠١٢, Türkiye'de Eğitim, Doğurganlık ve İşsizlik İlişkisinin Analizi, Maliye Dergisi.

٢- Başbakanlık Aile Araştırma Kurumu Başkanlığı, ١٩٩٨, Doğu ve Güneydoğu Anadolu'dan Terör Nedeniyle Göçeden Ailelerin Sorunları, Ankara.

٣- Ceylan, Haydar Haluk, ٢٠٢٢, İş Gücü Göçüyle Almanya'ya Giden İlk Kuşak Göçmenlerin Geri Dönüş Sonrası Yaşadıkları Uyum Sorunları, Turkish Journal of Diaspora Studies.

٤- Çoban, Asım, ٢٠١٥, Güneydoğu Anadolu Bölgesinde Nüfus ve Nüfus Hareketleri, Türkiye Coğrafyası Araştırma ve Uygulama Merkezi ٣٢٩-٣٤٠.

٥- Doğan, Mesut, ٢٠١١, Türkiye'de Uygulanan Nüfus Politikalarına Genel Bakış, Marmara Coğrafya Dergisi.

٦- Doğan, Nazire, ٢٠٢١, ١٩٣٥ Nüfus Sayımı Sonuçlarına Göre Van Nüfusu, Ağrı İbrahim Çeçen Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Dergisi.

٧- Durmaz, Atakan., Pabuçcu, Hakan., KÖMÜR, Gökhan, ٢٠٢٢, Tersine Göç Eğilimi ve Diaspora Ağları: Almanya'daki Yüksek Nitelikli Türklerin Tersine Göç Eğilimlerini Etkileyen Faktörler, Sosyal Bilimler Dergisi.

٨- Emekçiler, Ümit Serkan, ٢٠١٤, Türkiye'de Kırdan Kente Göç: Diyarbakır Üzerine Bir Alan Araştırması, Sosyal Siyaset Konferansları.

٩- Fırat Haber, ٢٠٢٠, Fırat Üniversitesi İletşim Fakültesi Uygulama Gazetesi, Erişim Tarihi (Ağustos ٢٤, ٢٠٢٤), https://bit.ly/٣ADNsJP.

١٠- Gelekçi, Cahit, ٢٠١٥, ١٩٦٠ Sonrası Dönemde Türkiye'de Nüfus Yapısı Ve Bazı Temel Özellikleri Üzerine Tespitler, Sosyoloji Konferansları. İstanbul Üniversitesi, İstanbul.

١١- Karaca, Adem., Karakuş, Ufuk, ٢٠٢٠, Türkiye'de Uygulanan Nüfus Politikalarının Coğrafya Dersindeki Nüfus– Konularina Yansıması, Türkiye Sosyal Araştırmalar Dergisi

١٢- Kayacan, Emre, ٢٠٢٢, Türkiye'nin Nüfus Politikalarındaki Değişimin Kalkınma Planları Üzerinden Değerlendirilmesi, Sosyal Politika Çalışmaları Dergisi.

١٣- Salep, Mustafa, ٢٠٢٣, Nüfus Artışı:  Planlı Kalkınma ve Doğun Kontrolü Üçgeninde Türkiye Nüfusu (١٩٢٣-٢٠٢٣), Çağdaş Türkiye Tarihi Araştırmaları Dergisi.

١٤- Semiz, Yaşar, ٢٠١٠, ١٩٢٣–١٩٥٠ Döneminde Türkiye'de Nüfusu Arttırma Gayretleri ve Mecburi Evlendirme Kanunu (Bekârlık Vergisi), Selçuk Üniversitesi Türkiyat Araştırmaları Dergisi.

١٥- Solmaz, Damla, ٢٠٢٢, ١٩٦٠'Lardan İtibaren Türkiye ve Avrupa Birliği İlişkilerinin Bir Konusu Olarak Göç, Yükesk Lisans Tezi, İstanbul Üniversitesi, İstanbul.

١٦- Taşçı, Faruk (١ Mart ٢٠٢٤), Erişim Tarihi (Ağustos ٢٣, ٢٠٢٤), https://bit.ly/٣Z١l١yx.

١٧- Türkiye İstatistik Kurumu (TÜİK), ٢٠٢٤, ١٩٦٥ Genel Nüfus Sayımı. Erişim Tarihi (Ağustos ٢٨, ٢٠٢٤), https://bit.ly/٤g٢qn٣y.

١٨- Ünver, Can, ٢٠٠٣, Almanya'ya Türk İşgücü Göçü: Geçmişten Geleceğe Sorunlar, İmkanlar ve Fırsatlar, Journal of Social Policy Conferences.

**Abstract**

A population policy is a set of strategies implemented by the government to either increase or decrease the annual population growth rate. This is done by encouraging families to have more children or, alternatively, by promoting measures to limit family size. The Republic of Turkey has been particularly serious about this issue. After the establishment of the state in ١٩٢٣, Turkey implemented a Pronatalist population policy due to the population decline caused by the country's involvement in Balkan & World War I. This approach was also influenced by the belief that a larger population would enhance states political and economic power. This policy continued until ١٩٦٠, but after that year, the state governors shifted to European-style population policy & began implementing Anti-natalist measures. This study aims to analyze the impact of these policies on the annual population growth rate of the Amid province. For this purpose, official population censuses conducted in Turkey between (١٩٢٧ & ٢٠٠٠) were utilized.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: ١٨١٣-٠٨٥٢, e-ISSN: ٢٦١٧-٣٠٣٤